# شەیدایی سلێمانی

سەربەستی
Ser_besti@yahoo.com

سلێمانی...تۆ شاری منی
تۆ خەمخۆری کوردستانی منی
تۆ...زانکۆ پیرۆزەکەی
سالم، مەحوی، کوردی و
نالی منی
تۆ خاوەنی قوتابخانە و مەزاری گۆرانی منی.
شاری خۆگر
شاری سەرکەش
شاری ڕاپەرین
تۆ...تۆ شاری هەڵمەت و قوربانی منی
هەڵبەست و پەندی پیرۆزی پیرەمێرد و
بیست و حەوت وەبیرهێنانەوە و یاداشتەکەی
بێکەسی منی
مەڵبەندی بابانیت و
یەکێ لە دووا فەرمانڕەواییەکانی
شارستانییەتی میدیای منی.
تۆ...تۆ شاری ئەوینیت و
گەنجینەی سەرجەمی یادە تاڵ و شیرینەکانی
منداڵی و لاوی منی
با هەر لە ئارامیدابێت گیانی پاکی ئیبراهیم پاشا، بەڵام
تۆ...تۆ نوێنیت...ئەی شارە ئێسک سوکەکەم،
ئاخر تۆ خاوەنی هەزارمێرد* و گردی قشڵە* و
پیرەمەگرونی منی
لە کەنار هەورامان دایت و
دەست لە ملی
شارەزوری منی

هەروەک کرماشان، هەولێر و ئامەد
مۆنومێنتی* مێژوویی و کولتوری کوردستانی منی.
سلێمانی...
شارە ستەمدیدەکەم
گۆیژە* ئاسا، ڕەنگاوڕەنگی،
ڕەشپۆشی هەڵەبجەی منی
پایز ئاسا... زەرد هەڵدەگەڕێیت، سالارەکەم،...،
دەزانم کە،
شەیدای دیداری کڵپە پیرۆزەکەی بابەگوڕگوڕ و
خەمباری گەرمیانە کڵۆڵ و زامدارەکەی منیت،
بێ ئارامی شارەکانی باکور، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای
کوردستانی منی
تۆ لە ئەندێشەی پارچەپارچەکراویی
کوردستانە مەزنەکەی منی.
سلێمانی...شارە بوێرەکەم
هەروەک پاکی شار و دیهاتەکانی کوردستانی مەزن،
تۆش ئاشنایت بە ڕەنگی سور،
زۆر نزیکتر، لە خودی گوڵە ڕەنگ سورەکان،
جا گەر هەر گوڵێک لە گوڵەسورەکان...
چ دوور چ نزیک لە سەیوان*
نازی کرد و بە جووانی ڕەنگە سورەکەی خۆی نواند،
ئەوا ئەو نازە لە سایەی قوربانی و ڕژاندنی خوێنی فریشتەکانتە،
ئەی شاری میهرەبان وکۆڵنەدەر...
ئەی خاوەنی
گۆڕ و کۆگۆرە دۆزراو و نەدۆزراوەکانی
گوڵە هەڵوەریوەکان،
ئاخر تۆ داستانی بەردەقارەمانی* منی
شارە خانەدانەکەم
تۆ... تۆ داخ لەدڵ و کۆستکەوتوی

شکاک* و پیران* و پینای* منی
ڕوخێنەری سیخوڕخانە سوورەکە و باستیلە شومەکانی
خەلیفە چاو هەڵنەهاتووەکان بە کوردستانەکەم و
چۆک پێ دانەری جەلادانی
هاووڵاتییانی منی.
سلێمانی شارە دڵگیرەکەم
تۆ سیمبۆلی پرۆتێستیت و
ناوەندی گەشە و خانەدانییت
ئاخر تۆ خاوەنی حەپسەخانی نەقیبیت و
سیمبۆلی چالاکی فێمینیزمی
کوردستانی منی.
سلێمانی.....
هاوچەشنی بەهار خۆت لە سەوزەووە دەپێچیت و...
ئیتر بەجارێك مایەی گەشبینی منی
ئومێدی بە یەك هۆزکردنی هۆزەکانی نەتەوەکەی منی،
تۆ...مزگێنی و مژدە دەری
سەرفرازی یەکجاری کوردستانی منی.

Newrozî 2705

* هەزارمێرد : ئەشکەوتێکی مێژوی و دێرینە، دەکەوێتە باشوری شاری سلێمانیەوە.
* گردی قشڵە: دەکەوێتە سێنتەری شارەوە، مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ زۆر پێش زاین و کەل و پەلی مێژووی زۆر کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە.
* مۆنومێنت: بە ئۆبێرەی تەلارسازی، پەیکەرتاشین، هەڵکۆڵین، نیگارکێشان، نوسین و دەربڕین لە ڕووداو و کارەساتی مێزووی، کولتوری، سروشتی یان نەتەوەی، دەوترێت.کە بایەخدارییەکەی هەڵدەسەنگێندرێت لەبەر ڕۆشنای مێژوویی، نەتەوەی و کولتورییەوە. م. دەپارێزرێت و دەهێڵرێتەوە بە مەبەستی گەیاندنی بۆ نەوە داهاتووەکان، هاوکات بەمەبەستی پێناساندنی ڕابردوو، بەسەرهات، سەرکەوتن، هونەر، ڕەسەنایەتی، توانا و لێهاتووی ئەو نەتەوە خاوەن مۆنومێنتە. یونێسکۆ پاراستنی ژمارەیەکی زۆر لە مۆنومێنتە بایەخدارە مێژووییەکان، کولتورییەکان و سروشتییەکانی لە ئەستۆی خۆ گرتووە لە سەرانسەری جیهاندا.
*گۆیژە : شاری سلێمانی لە پێش زنجیرە چیای گۆیژەدا ڕاخراوە.
*سەیوان : چەند گردێکە کە زۆربەی دانیشتوانی سلێمانی تەرمی کەسە گیان بەختکردووەکانیان یان کەسە گیان لەدەستچووەکانیان لەو گردە و دەوروبەری ئەو گردە بەخاك دەسپێرن.
*بەردەقارەمان : ئەو تاشەبەردەیە کە مەلیکی کوردستان بە برینداری پەنای بۆ برد لە جەنگاندنیدا دژی لەشکری ئینگلیزی ئەوکاتە.
* سمایل ئاغای شکاك (سمکۆ)
*پیران : شێخ سەعیدی پیران.
* پینای . ناوی نهێنی هەڵۆی بەرزەفڕو و بوێری کورد پێشەوا.
* حەپسەخانی نەقیب مرۆڤێکی ڕەوشت بەرز، خانمێکی خانەدان بووە. لە سییەکانی سەدەی پێشوودا، لە مەڕ مافەکانی گەلی کورد یاداشتێك ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان دەکات. خوێندنگایەکی ئێواران بۆ خانمان لە شارەکەدا دەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە، خانوبەکی خۆی پێشکەشکردوە. هاریکاری کۆمارەکەمانی لە مەهاباد کردووە و نامەی سوپاس و پێزانینی لە پێشەواوە پێ گەیشتووە.